پێشنیازی: (کردنەوەی بەشی لێکۆڵینەوەکانی ژنان لە زانکۆکانی کوردستان)

Department of Women's Studies

" ئەوەی پیاوەکان دەربارەی ژنان دەیزانن "

ناونیشانی کتێبێکی گەورەی 300 لاپەڕەیی سپییە.!

خەسرەو پیربال / فینلەندا

لە کۆمەڵگای پێشکەوتووی ڕۆژئاوادا , بەرهەمە ئەکادیمیەکانی زانکۆ‌و هەمووئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجام دەدرێن , ڕاستەوخۆ لەلایان دەوڵەت‌و هەموو ئەو دەزگاو ناوەندە جۆر بەجۆرەکاندا , بە گرینگیەوە پەسەند دەکرێن‌و هەوڵی جیدی دەدرێت بۆ ئەوەی کاری پێبکرێت .ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوانە لە گۆڕانکاریەکاندا ڕۆڵی خۆی دەبێت.. لە ئەوروپا لێکۆڵینەوەکانی زانکۆ هەتا لە نەخشەکێشانی سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا دەورو کاریگەری خۆی هەیە , دەوڵەتیش بێگوومان , زانکۆکان‌و پرۆسەی لێکۆڵینەوە بە یەکێك لە گرنگ ترین بوار دەژمێردرێ‌و هاوکاری ماددی‌و مەعنەوی چاکی پێ دەبەخشێت..

ئەگەر هەر کیشوەرێك‌و ناوچەیەکی جیهان, مێژوویەکی تایبەت‌و قۆناغێکی تایبەت بەخۆی هەبێ , ئەوە لەهەمان کاتدا ئەو هەقیقەتەشمان بۆ دەردەکەوێت , تەنها ئەو کۆمەڵگەیانە پێشکەوتوون , کە تیاندا مافەکانی ژن‌و ڕۆڵی ژن لەبەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگادا بەرچاوە‌و دیارە‌و خوێندنەوەیەکی زانستی تۆکمە هەیە دەربارەی دونیای ژنان‌و ڕۆڵیان لە دروستکردنی کۆمەڵگای مۆدێرندا .

دیارە لە کوردستاندا , بە درێژایی مێژوو, وێنە‌و دەنگ‌و ڕەنگی ژنی کورد , تەواو, تایبەتمەندی خۆی هەبووە, بە بەراووردکردنی لەگەڵ ژنانی وڵاتان‌و گەلانی تری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست, هەروەهاش, پاش سەرهەڵدانی ساڵی 1991‌و لێکترازانە پیرۆزەکەی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئەوکات , دەکرێت , ئەو قۆناغە , نەوەکوو بۆ ژنی کوردستانی باشوور , بەڵکوو بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستانی, بە قۆناغێکی مێژوویی چارەنووسساز دەژمێردرێت, تیایدا تاکی کورد , و بۆیەکەمین جار ئاشنابووە بە کەسایەتی خۆیان ووردە ووردە لە تایبەتمەندی‌و ڕۆڵ‌و شووناسی خۆیاندا حاڵی بووینە ..

لە ناوەوە‌و لە دەرەوەی کوردستان , لە گەلێك لە مەڵبەندەکانی شارەکان , کەم‌و زۆر هەوڵی چاککردن‌و باشکردنی بارودۆخی ژنان دراوە , باس لە کێشەکانی ژنان کراوە , بەڵام بەبۆچوونی من , هەتاوەکوو ئێستا , نە لە ناوەوە‌و وە نە لەدەرەوەی وڵات , پەنجە لەسەر هەموو ئێشوئازارەکان , ئەو حاڵەتانەی لەیەکترنەگەشتنە‌و دووربوونەوە‌و جیاوازیەکانی نێوان ژن‌و پیاو دانەنراوە‌و باش لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە لە زانکۆکان ,وە مافی تەواوی خۆی نەدراوەتێ , هێشتا ئەو زانیاریانەی پیاوان لەسەر ژنانیان هەیە , هەروەها بە پێچەوانەوە , بە تایبەت بۆ ژنی کورد , هێشتا وەکوو کتێبێکی سپی بەتاڵ ماونەتەوە!

ئەگەر یەکێك لەو نەخۆشیانەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات هەبێت , ئەوە نەبوونی هیچ زانیاریەك‌و نادروستی تێگەیشتنمانە بۆ خوێندنەوە‌و ناسینی کەسایەتی ژن ,. بە بیرم دێت ساڵانی خوێندنی دوواناوەندنی لە دوواناوەندنی کوردستان, لە کتێبی مرۆڤناسی , فەسڵێك هەبوو دەربارەی جەستەی مێینە‌و زانیاریەکی کوورت دەربارەی پەیوەندیەکانی نێوان نێرو مێ ...هتد, بەڵام مامۆستا , بە بڕیارێکی تایبەت ئەمری کرد , کە ئەو فەسڵە, لاپەڕەکانی بنوشترێننەوە , هەتاوەکوو پرسیاریشیان تێدا ناکرێت لە تاقیکردنەوەکاندا, ئیدی ئەوەبوو نەمانخوێندەوە‌و هیچی لێوە فێرنەبووین.!.

پێشنیازی کردنەوەی بەشێکی تایبەت بەلێکۆڵینەوەکانی ژنان وەکو مەڵبەندو ناوەندێکی ئەکادیمی لەزانکۆکانی کوردستاندا بەپێویستییەکی مێژوویی دەزانم

دیارە بۆ یەکترناسینی زانستیانەی پیاوو ژن لە کوردستاندا , پێویستیمان بە چالاکی‌و کاری جۆراوجۆر هەیە, هەتاوەکوو ئێستا چەند هەوڵێکیش دراوون , چەندین کۆڕو سیمینارو , بگرە کۆنفرنسیش سازکراون , دەربارەی ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری‌و لە دونیای سیاسەت ....هتد .(1)

پێشنیازی کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە دیراسات‌و لێکۆڵینەوەکانی ژنان: Department of ((Women's Studies , وەکوو مەڵبەندو ناوەندێکی ئەکادیمی لە کوردستاندا , لە زانکۆکاندا بە پێداویستیەکی مێژوویی دەزانم , دیارە ئەم بەشە , یان ئەو کۆلیژە دەکرێت سەر بە کۆلیژی پەروەردە , یاخوود کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان بێت .

کۆلیژی دیراساتی تایبەت بە ژنان , لە هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەیە , لە هەندێك لەو وڵاتانەدا ساڵانی هەشتا کراونەتەوە , بۆ نموونە لە زانکۆکانی فینلەندا , لەو کۆلیژەدا , دەکرێت بە پێی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای کوردستان , وانە‌و سیمینارو کاری ئەکادیمی بۆ بگیرێت .

ئەگەر کاریش بۆ ئەو پڕۆژە زانستیەش بکرێت , ئەوە دەکرێت وەکوو مۆدێل و ئەزموونی وڵاتانی تر ,سوود لە ئەزموونی وڵاتانی ئەسکەندینافی وەکوو سوێدو فینلەنداو نەرویج وەربگیرێت.(2)

بێگوومان لە کوردستاندا , کۆمەڵگا , خاوەن تایبەتمەندی‌و خەم‌و گرفتە تایبەتەکانی خۆیەتی , بەڵام لەم کۆلیژەدا خوێندن وەکوو سەرەتایەك بۆ کردنەوەوەی ئەو بەشەی زانکۆ , بۆ نموونە , ئەوانەی خوارەوە , بریتین لەو بابەت‌و تۆپیکانەی لە زانکۆکانی وڵاتە ئەسکەندینافیەکاندا دەخوێندرێن :

بابەتەکان:

- ئەدەبیاتی ژنان- تیۆریەکانی فەمینیزم- : دەربارەی بوواری ژنناسی , فەمینیزم .

- مێژوویی خوێندن‌و لێکۆڵینەوەکانی ژنان: دیارە لەو بووارەدا , هەندێك لە نووسەرە ژنە فەڕەنسیەکان پێشڕەون لەو بووارەدا , بۆ نموونە وەکوو نووسەر (سیمۆن دۆبۆڤوار).

- بوواری فیمینیزم لە وڵاتانی جیاجیادا : لێرەدا لێکۆڵینەوەکان زیاتر وەکوو بەراوردکارین لەنێوان مۆدێلە جیاوازەکانی ڕەوشی ژنان لە وڵاتانی جیهان .

-لێکۆڵینەوە دەربارەی جەستەی ژن‌و سەکسوالی ژنان: حەزوخواستی ژنانەی ژن.

ئەو بوارەیە کە خوودی ژنانی کورد , زیاتر لەهەر تاکێکی تری کۆمەڵگا پێوویستیان پێ هەیە . وەکوو پەنجەرەیەکە بۆ زیاترو باشتر خۆناسین‌و یەکترناسینی نێوان ژن‌و پیاوی کورد , ئەو بووارە گرینگەیە کە لە ڕۆژهەڵاتدا , بە شێوەیەکی گشتی هێندە گرینگی زۆری پێنادەن.

- ژن‌و دونیای سیاسەت : بەشێکی گرینگی تری ئەو کۆلیژەیە , تیایدا نوێترین تیۆری‌و مۆدێلی جیهانی تێدا دەخوێندرێن.(3)

خۆشبەختانە لە کوردستان , چەند کۆڕوکۆبوونەوەی تایبەت دەربارەی ڕۆڵی ژنی کورد لە دوونیای سیاسەتدا بەستراوە, بەڵام دەبێت دەزگایەکی ئەکادیمی هەبێت , بە شێوەیەکی زانستی گرینگی بە مەسەلەی بەشداربوونی ژن لە نەخشەکێشانی هەمووجۆرەکانی سیاسەتداو پلانەکانی نێو کۆمەڵگادا بدرێت.

- ژنان‌و پیاوان لە بوواری کاردا: بەشێکی تری ئەو خوێندنەیە کە تییادا چەندین زانیاری‌و تێگەیشتنی نوێ, ووردە ووردە دروست دەبن , ئەنجامەکانیشی پتر لەو هەقیقەتەمان نزیك دەکەنەوە , کە یەکسانیەکی تەواو هەیە لە نێوان ئەو دوو مەخلووقە : کە پێیان دەڵێن پیاوو ژن .

- لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیری فەمینیست :

بووارێکی دەوڵەمەندی فەرهەنگییە, دەربارەی هونەری فیلمسازی‌و ژنە , ئەدەبیاتی ژن‌و جیاوازی شێوازی نووسین لەلایەن پیاوو ژنان , وێنە‌و سەرچاوە ڕەسەنەکانی ژیان , بەواتایەکی تر دەکرێت وەکوو گەڕانەوەیەك بێت بۆ تابلۆ ناودارەکەی (گۆستاف کووڕبی) سەرچاوە‌و ڕەسەنی ژیان , تەنها ژنە .(4)

بێگوومان دامەزرانی بەشێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ژنان لە زانکۆکانی کوردستان , پێشەکی پێویستی بە مۆدێلێك‌و ئەزموونێکی تایبەت هەیە , بۆ ئەمەش دەکرێت سوود لە مۆدێلی وڵاتە ئەسکەندناڤیەکان وەربگیرێت , وەکوو پێشکەوتووترین ئەزموون لەو بوارەدا .

هەروەها ستافی پسپۆڕانیش , لە کوردستانەوە , جگە لە چەندین مامۆستای تایبەت لە بواری پەروەردە‌و ئەنترۆپۆلۆژی‌و زانستە کۆمەڵایەتیەکان , چەندین نووسەرو لێکۆڵەرەوە‌و کەسانی خاوەن ئەزموونی دانیشتووی وڵاتانی ئورووپامان هەیە لە کوردستان , هەروەها دەکرێت, شاندێکی تایبەت بێنە ئەو وڵاتانەی ئەوروپا وەکوو خوولێکی تایبەت‌و بۆ خۆسازدان‌و خوێندن لەو بووارەدا .

لەدەرەوەی وڵاتیش, چەندین ژنە نووسەرو لێکۆڵڤانی بەتوانامان هەیە , دەکرێت سوودیان لێوەربگرین بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە زانستیە گەورەیەی بوواری لێکۆڵینەوەی ژنان لە کوردستان , گەلیکن ئەو نووسەرانەی بڕوانامەی بەرزیشیان لەو بووارە بەدەست هێناوە ...

جگە لەو ماددە زانستیە‌و بابەتانەی سەرەوەش , ئەوەی زۆر گرینگە , بە شێوەیەکی بەردەوام , دەبێت سوود لە دووایین سەرچاوە‌و لێکۆڵینەوەکانی جیهان وەربگیرێت وەکوو بابەت‌و مەتریاڵی خوێندن لەو کۆلیژەدا بەکاربێت , لێرەشدا ڕۆڵی ئەنتەرنێت‌و زانیاریە تەکنەلۆژیەکان ئێجگار گرینگن دڵنیام پێشکەوتنی شێوازو مێتۆدی تێگەیشتنمان بۆ زانیاری تەواو لەسەر ژنان‌و دونیاو خولیاو ئەدەبیات, مۆدێلی مێینەی میللەتەکەمان , شۆڕشێك بەرپا دەکات , کە ئاکامەکانی زۆر پۆزەتیڤ دەبێت بۆ ڕەوتی پێشکەوتن لەسەرانسەری کۆمەڵگای کوردستانیدا.,

ماوەیەکە لە کوردستاندا , باس لە کۆمەڵگای مۆدێرن‌و پێشکەوتوخواز دەکرێت , دەبێت ژن‌و خەمەکانی ژن ببنە یەکێك لە گرنگترین بواری لێکۆڵینەوە‌و بەدواداچوونی ئەو کۆمەڵگایەدا..

ئەگەر ئەمڕۆکە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات‌و کوردستانی چەند نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی هەبێت , ئەوە نائاشنابوونی پیاوی کورد بە کەسایەتی ژنان‌و سڕینەوەی حەزو خەمەکانی ژنان یەکێکە لەو دەردانەی پێیەوە دەناڵێنین...

بە شێوەیەکی گشتی , ژنی کوردی کوردستانی باشوور , پاش سەرهەڵدانەکەی 1991 , وەچەرخانێکی هەستپێکراوی بەخۆوە بینیووە , لە هەموو شارەکاندا , چەندین مەڵبەندو کۆڕو وناوەندیان سازکردووە , هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و ناوەندە دەسەڵاتدارەکان‌و کەسایەتیە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکان , کەم‌و زۆر پاڵپشتیان کردوون , لە بوواری سیاسیشدا , چەند ژنێك پۆستی گرنگیان هەیە , بەڵام بێگوومان بۆشاییەکی ئێجگار زۆر گەورەی تر هەیە , بە بەراوردلەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوودا .

کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە خوێندن‌و لێکۆڵینەوەی ژنان لە زانکۆکانی کوردستاندا , جگە لەوەی ژنانی کورد , دەگەیەنێتە حاڵەتی بڕوابەخۆبوون , ئاشنابوونی بە خوودو تەندروستی فیکری‌و جەستەیی خۆیان (ئیمانسیپاسیۆن - Emancipation) , هاوکاتیش بەرەو کۆمەڵگایەکی باشترو ئاسوودە‌و ئارامترمان دەبات.

کۆمەڵگای کوردەواری , وەکو گەلێك لە وڵاتانی تری دونیای ڕۆژئاوای پێشکەوتوو , هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا , باروگوزەرانیان لە ناوەوەی خێزان‌و پەیوەندییەکانی نێوان ژن‌و پیاو , نێرو مێ , ووردە ووردە گۆڕانکاری باشی بەسەردا دێت .

قۆناغی ئازادی سەرتاسەری کوردستان , دەبێت قۆناغێك بێت , ژنان , پێش هەر تاکێکی تری کۆمەڵگا , باروودۆخ‌و کەسایەتیان تێیدا پێشکەوتووو تۆکمە بێت , لە سەنگەری ئەو خەباتەشدا , دەبێت ژنان خۆیان پێش پیاوان بکەون‌و دەستپێشخەر بن.

سەرچاوەکان :

1-ساڵی 2003 لە شارەکانی کوردستان , لە دەرەوەی وڵات , هەندێك کۆنفرانس‌و کۆبوونەوە ئەنجامدراون دەربارەی ڕۆڵی ژن‌و کێشەکانی ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا, نوێترینیشیان ئەو کۆنفرانسە بوو لە سلێمانی سازدرا دەربارەی گەڕانەوەی مافەکان بۆ ژنانی کوردستان‌و ڕۆڵیان لە کاری سیاسیدا .

2-لە کوردستان هەتا ساڵانی 1991 , هیچ بابەتێك لەسەر جەستەی ژن‌و زاوزێ‌کردن‌و منداڵ بوون‌و تۆپۆلۆژی ژنان نەدەخوێنران , بە تایبەتی لە قوتابخانەکانی کوڕان..

3- دەکرێت زانکۆکانی کوردستان , جگە لەوەی ستاف‌و مامۆستایانی‌خۆیان بنێرنە وڵاتانی ئەسکەندیناڤی بۆ زیاتر شارەزابوون لە بەشی لێکۆڵینەوەکانی ژنان , دەکرێت وەکوو مۆدێلێکیش سوود لەو ماڵپەڕەی خوارەوە وەربگیرێت , بۆ زیاتر ئاشنابوون , بە سەرجەم بەشەکانی ئەم کۆلیژە لە وڵاتی فینلەندا , لە زانکۆی تەمپێرێ دا , بە ڕێگای ئەنتەرنێت :

http://www.uta.fi/laitokset/naistutkimus/english.htm

ئەو تۆپیك‌و ماددانەی خوێندن , ڕێك ئەو بابەتانەن کە لە زانکۆی فینلەندی , کۆلیژی لێکۆڵینەوەکانی ژنان دەخوێنرێن.

4- گووستاڤ کووربی (Gustave Courbet) نیگارکێشێکی فەڕەنسییە (1819 -1877) , تابڵۆیەکی زۆر ناوداری هەیە بەناونیشانی (L'origine du Monde) واتە سەرچاوەی دونیا , تیایدا ژنێکی ڕووتی پاڵکەوتووە , عەورەت‌و لەشی زۆر بەشێوەیەکی جوان‌و پێشان داوە , بێ ئەوەی دەمووچاوی دیاربێت , ئەم تابڵویە لەپاش جەنگی جیهانی دووهەمەوە بزر ببوو , تاوەکوو ساڵی 1995 , ئەم تابلۆیە لە ئەڵمانیا لە ماڵێکدا دۆزرایەوە , هێنرایەوە مۆزەخانەی ئۆرسەیی لە پاریس , عیبرەت‌و واتای ئەم تابلۆیە لەوەدایە , کە ئێمە هەموومان , ژن‌و پیاوەکان , نێرومێ , هەموومان, جەستەی ژن , نەسڵ‌و ئەسڵ‌و سەرچاوەمانە . خودی ئەم تابلۆیە گەلێك دەنگۆی هەبووە هەر لەو کاتەوەی نمایشکراوە .(هەتاوەکوو ئێستا لە هیچ گۆڤارو بڵاوکراوەیەك‌و دەزگایەکی تەلەفزیۆنی کوردستان ئەم تابلۆیە بڵاونەکراوەتەوە , بەڵام لە کوردستاندا لە ئارشیفی ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی دایە.)

ئەم بابەتە بۆ سیمیناری (کاتی بێدەنگی بەسەرچوو)نوسراوە لە هۆڵەندا, لە ژێرناونیشانی (با نەکلتوورو نە باوەر, ڕێ لە ئەنتێگراسیۆنی

خەمی هاوبەش

لەم هەنگاوەیاندا پیاوان پێشکەوتن

ئاواز عەزیز فەتاح

دیارە بیرکردنەوە لەپاداشتکردنی ژنانی ماندووی شاخ، بیرکردنەوەیەکی فرە دڵسۆزانەیە، لانی کەم بۆ ئەوەی ژنان وا هەست نەکەن ئەو تەمەنەی کەشانبەشانی هاوسەرەکانیان لەشاخدا بەسەریان بردووە بەفیڕۆچووە‌و کەسێك نییە لەمێژووی پڕشکۆی میللەتدا دەستی بۆ رابکێشێت.. هەڵبەتە هەوڵدان بۆ خانەنشینکردنی ئەو ژنانەی کە ئەو تەمەنەیان کردە رووناکیی رزگاربوونی شۆڕش‌و هەمیشەش جێی ئومێدی نەوەکانی داهاتوو بوون، کارێکی پڕ سەروەری‌و شکۆمەندییە، هەم بۆ ئەو دەسەڵاتەی کەبیری لێدەکاتەوە‌و هەمیش بۆ ئەو شێرە ژنانەی کەشەوو رۆژیان لەئازارو ئەشکەنجەدا بەسەربردووە، پیرۆزیی بڕیارەکە‌و لەجێی خۆبوونی وایکرد ئەم چەند دێڕەم وەك گلەییەکی ژنی شاخ بنووسمەوە‌و بڵێم" سەرەتا دەستمان بەرەسمیات‌و فۆرم پڕکردنەوە کرد لەگەڵ پیاواندا هاوشان بووین‌و کارەکان ئاسان چووە پێشێ، بەڵام دیارە دەبێت لەوڵاتی باوکسالاری‌و دەسەڵاتی نێرینەدا هەمیشە بەرژەوەندییەکانی ئەوان پێشبکەوێت، ئەوەتا تائێستاکە ئەوان چەند مووچەیەکیان وەرگرتووە، بەڵام فۆرمەکانی ئێمە تائێستاش ئاکامێکی وەهای نییە کەگومانی نەبوونیمان بخاتە دڵەوە، بۆچی دەبێت ئەو کارئاسانییەی بۆ پیاوان کراوە‌و رەنگە تەمەنی وەهای تێدابێت، هەر نەگونجێت لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا‌و بۆشی کراوە، بەڵام لیستی ژنان تائەمڕۆش بێ سەروشوێنە، یان ئەگەر بێ سەروشوێنیش نەبێت، ئەوەندە بەخەم ساردییەوە کاری تێدا دەکرێت، خەریکە لێی دڕدۆنگ دەبین‌و بڕوامان پێی لەق دەبێت..

ئومێددەکەم پەلەیەك لەلیستی ژنانیش بکرێت‌و وا تێنەگەن ئەوەی بۆ پیاو پێویست‌و رەوایە، بۆ ژن وانییە، بەپێچەوانەوە رەنگە بڵێم ئەگەر بۆ ژنان رەواتر نەبێت، هیچی لەپیاوان کەمتر نییە..